# پاپۆڕە بچکۆلەکە



**ڕۆژێکیان، بۆق، جوجەلە، مشك، مێرولە و قالۆنچەکە پێکەوە بۆ پیاسەکردن ڕۆیشتن و گەیشتنە چەمێك.**



**بۆقەکە پێی وتن:با مەلەوانی بکەین! و خێرا خۆی بۆ ناو ئاوەکە هەڵدا.**






جوجەلە،مشك، مێرولە و قالۆنچەكە پێیان وت:
ئێمە ناتوانین مەلەوانی بكەین
بۆقەكە پێیان پێكەنی...



كواك... كواك... كواك...كواك...جا ئێوە بۆ چی باشن! و ئەوەندە پێكەنی، هیچ نەمابوو، بخنكێ.

جوجەلەكە، مشك، مێرولە و قالۆنچەكە نارەحت بوون و بیرێكیان بۆ كردەوە؛ باش بیریان لێ كردەوە؛ پاشان بیریان بۆ لای شتێك ڕۆیشت.






جوجەلەکە، گلادارێکی هێنا،



مشکەکە قاوخە گوێزێکی هێنا،



مێرولەکە، بە کۆڵ، زەلێکی هێنا



قالۆنچەکەش داوێکی هێناز

و پاشان دەستیان بە کارکردن کرد: زەلەکەیان لەناو
قاوخە گەزۆکە توندکردو گەڵاکەشیان پێوەوە هەڵواسی-
و پاپۆڕێکیان درووست کرد!





ئەوجا بە پاڵ خستیانە ناو ئاوەکە.



**هەموویان لەناو پاپۆڕە بچکۆلەکە دانیشتن و مەلەیان کرد. بۆقەکە سەری لەناو ئاوەکە شاردەوە، دەیویست جارێکی تر پێبکەنێ، بەڵام پاپۆڕە بچکۆلەکە، دوورکەوتبووەوە...کەسیش چیتر بۆ لای ناگەڕێتەوە!**

**نووسەر: ڤلادیمیر سوتاییڤ**

**بۆ ئەلمانی لەلایەن(ه. ئەنگارۆڤا، ف. لێشنیتسەر، ز. زاگاس، م. تۆلۆستۆڤا)وە**

**بۆ کوردی: سەلام عەبدوڵا**